شیرین عیبادی، خەڵاتی نۆبێلو کورد ... کاوە ئاهەنگەری

ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ ڕێکەوتی ڕۆژی دەی مانگی دێسامبر خەڵاتی جیهانی ئاشتی نۆبێل درا بە خانمی شیرین عیبادی کە خەڵکی ئێرانەو پارێزەرەو سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێراندا چالاکی کردوە. وەرگرتنی خەڵاتێکی ئاوا گرینگ لە باری ماڵیەوە کە دەتوانێ جێگای سرنج بێت لە باری نەستی (ناماددی) شەوە گرینگەو بۆ ئێمەی کورد جێگای سرنجی زیاترە. ئەگەر خودا سەربان دەبینێو بەفری تێدەکات ئێمەش خۆمان دەبینینوقسەی لێدەکەین. ئاخر کوردو خانمی شیرین عیبادی لە یەك وڵاتدا بە نێوی ئێران دەژین، کورد کە دە میلیۆن کەسە (واتە شانزە لە سەدی ئێران) و دووهەزاروو پێنجسەد ساڵیشە دەچەوسێتەوە لەم وڵاتەی کە ناوی ئێرانە. هەر لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە دەیان ڕێبەری تێکۆشەرمان بەدەست حاکمانی ئێرانەوە تیرۆر کراون، هەزاران کەسیش لە سەر داواکردنی مافی ڕەوای خۆی کوژراون، ئێستاش کوردستان مەڵبەندێکی نیزامییەو وەك شوێنێکی نیزامی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. لەو بیستوپێنج ساڵەی دواییدا کۆماری ئاخووندی بە هەزاران کەسی لەسەر خودموختاریەکی بچکۆلانە کوشتوەو قەڵاچۆی کردون. ئێستاش خەڵکی کورد تاوانی ئەم داوا سەرەتاییە دەداتەوە؛ئێعدامە تازەکان، بێبەشی لە ژیانێکی ئارامو هێمن، ئابوورێکی شیاو، کەشێکی ئازادی سیاسی، پێناسەیەکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی (زمان، مەزهەب، . . . هتد) دەداتەوە. بەرهەمی ئەو مافخوازیانەش کوردستانێکی کاولوویران، بێکار، پڕ لە موعتادو. . کە لە ئاماری ڕەسمی ئێرانیشدا کوردستان بە یەکێك لە چەندشوێنی پەرەنەگرتووی ئێران دەناسرێت.

لەگەڵ ئەوانە تیرۆری دوکتور قاسملوو هاوڕێیانی لە"ڤییەن"ی ئوتریشودوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە بێرلینی ئاڵمانو ڕیسواگەرێکەی سەرانی سیاسی ئێران لە دادگای میکۆنووسوئێعدامو تیرۆری سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئێعدامی دوو ئەندامی دیکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ناوەکانی"جەلیل زێوەیی"و"ڕامین شەریفی" لە شارەکانی سەردەشتو سەقز، تەنیا چەند ڕۆژ پێش وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل (کە خانمی عیبادی هیچ ئاماژەیەکی پێنەکردوون) ودەیانو سەدان زوڵمو زۆری ناڕەوای دیکە کە نەتەنیا بەرامبەر بە کورد بەڵکوو بەرامبەر بە نەتەوەکانی تری وەک بەلووچ، تورکمان، عەرەب، ئازەریو. . . هتد لە باری سیاسی، ئابووری، زمانیوکولتووری، کۆمەڵایەتیوبە گشتی مافی مرۆڤو گەلان دەکرێتو بە ڕێوە چووەو ئێستاش بەڕێوە دەچێت.

بەڵام بە داخەوە خانمی شیرینی عیبادی کە بۆخۆی چەندین جار هاواری کردوە کەسیاسینیەو سیاسەت پیشەشنیەو کاریسیاسیش ناکات. ئەگەر وابێت لێرەدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ ئەویش ئەوەیەکە:

ئەدی تەکلیفی ئێمەی کورد چیە کە کێشەکەمان لەبنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسیە؟!!!

خۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلیش خەڵاتێکی هونەریو ئەدەبیش نییە!ئەو خەڵاتەش بۆ وەدیهێنانوخوڵقاندنی مافی یەکسانیوئازادیو دێمۆکراسیوئاشتی لەنێو کۆمەڵگای بەشەریدا دەدرێت، نە بۆ جوانی خانمێك یان بەرزی ئاستی هونەری مۆسیقا یان. . . . ؟!!

ئەدی بۆ خانمی عیبادی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە سیاسی نیەو کاری سیاسیش ناکات؟!!تۆ بڵێی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی نا ئازادو نا دێمۆکراتی وەك ئێراندا لە سیاسەت جیا بێتو هێندە لێك نامۆو دوور بن کە خانمی عیبادی ئاوا باسی لێدەکات؟!!

نازانم، دەبێ لە خانمی عیبادی بپرسین.

خانمی عیبادی لە وتارەکەیدا کە لە پێتەختی وڵاتی نۆروێژدا لە بەردەم چاوی جیهاندا بڵاوی کردەوە دەڵێت؛لە ئێران دوولایەن پێك هاتوە، لایەنی سوونەت گەرا و لایەنی مۆدێرن (نوێخواز) کە سوننەتیەکان دەهەیانهەوێت بە خۆهەڵاوەسین بە ئەرزشو پێوەرەکانی کۆنو سوونەتی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەنو بە نێوی ئیسلام دەیانهەوێت خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، بەڵام لایەنی مۆدێرنەکە دەیهەوێ بە خوێندنەوەیەکی دروست لە ئیسلام بۆ وەدی هاتنی مافی مرۆڤودێمۆکراسی (مەبەست "مردمسالاری دینی" ئاغای خامنەای یە کە دەرخواردی ئاغای خاتەمی دا) خەباتو تێکۆشان دەکەن. هەروەها خانمی عیبادی بە شانو پیلی ئیسلامو موسڵمان بوونی خۆی دادێو هەروەها سەچاوەو هۆکاری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە جیهانو ئێراندا بە سیستەمی "پیاوسالاری"دەزانێت.

باشە پرسیارێك

بۆ خانمی عیبادی ئەو هەمۆ زووڵموزۆرەی کە ئێستا کە ئێراندا بەڕێوەدەچێت، تەنیا لە بوونی فەرهەنگی پیاوسالاریدا دەبینێتەوە؟!ئەدی بڵێی زووڵمی چینایەتی (واتە زاڵبوونی بەرژەوەندیوحەزی چینێك بە سەر کۆمەڵدا) یان خوود زووڵمی گروپودەستەیەکی فکری یانمەزهەبی (وەك زووڵمی شیعەکان بە سەر مەزهەبەکانی دیکەدا) یان زووڵمی ئابووری بە هۆی خۆخوازیو ڕەگەزپەرەستیو ناوچەگەری تاقمێك ویان. . . هتد، لە ئێراندا لە ئارادا نەبێتو ئەگەر هەبێتیش هەمووی خەتای فەرهەنگی "پیاوسالاری"بێت؟! (لەگەڵ ئەوەی کە من پیاوسالاری ڕەد دەکەمەوە) .

تۆ بڵێی ئەوەی کە ناهێڵن کە کورد لە ئێراندا بە زمانی خۆی بخوێنێت تەنیا خەتای پیاوسالاریبێت؟تۆ بڵێی کە کوردستان کە وەك سواڵکەری ئێران ماوەتەوەو دوور لە پڕۆژە گەورەکانی ناوەندنشینانو ناوەندگەرایان، تانیا خەتای پیاوسالاری بێت؟تۆ بڵێی ئەوەی کە لە یاسای ئەساسی (قانون اساسی) ئێراندا هاتوە کە سەرکۆمار دەبێ خاوەن مەزهەبی شیعەیدوانزدەئیمامی بێتو بە

نەهێنیش لە "شورای امنیت ملی"دا پەیمانیان داوە کە هیچ کوردێك بۆی نییە ببێتە سەرۆكوبەرپرسی شوێنو جێگاو دەستەڵاتی گرینگ (بگەرێنەوە بۆ بەرێز"بهاالدین ادب"نوێنەری سنە لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێراندا) بە دەستەوە بگرێت هەمووی خەتای ئەو پیاوسالاریە بێت؟تۆ بڵێیی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە سەر مێزی ئاشتی خەتای پیاوسالاری بێت؟تۆ بڵێی ئەو دوو ئێعدامەی حەوتووی ڕابردوو لە شارەکانی سەردەشت و سەقز خەتای ئەوە بێ کە حاکمانی ئێران زۆر پیاوانە بیر دەکەنەوە؟تۆ بڵێی تۆ بڵێی. . . . . . . هتد

ئەوجار خاتەمیو بەرەی دووی جۆزەردان

بەلای منەوە سەیر نیە کە خانمی شیرین عیبادی لایەنگری لە بەرەی دووی جۆزەردان دەکات، چوونکی ئەویش وەك ڕێبەری دووی جۆزەردان هەڕەشەی لێکراوە (ڕۆژی خەڵات وەرگرتنیش لە لایەن هێزی بەسیجەوە هەڕەشەی لێکرا لە بەر ئەوەی کە قژەسەری ڕووت بوە) ، وەکی دیتمان خاتەمیو هاورێکانیشی وازیان لە زۆر قسەوباسو قەلو قەراری خۆیان لەگەڵ خەڵك هێناوە (ئاشبەتاڵ) جا ئیدی بۆ خانمی عیبادی ئاغای خاتەمی دەکاتەوە ڕێبەری خۆی؟نازانم!! شایەدیش لەبەر ئەوە بێت کە لە بەر خۆیەیەوە بە ورتە بەخۆی کوتبێ جا خۆ من لە ئاغای خاتەمی پیاوتر نیم؟! یان شایەدیش قۆڵی سوونەتیەکان (بەرەی خامنەای) وایان پێکوتبێت؟!بۆیە خانمی عیبادی لە گەڕانەوەی سەفەرەکەی پێشووی بۆ ئێران دەڵێت کە خەڵاتی نۆبێل دەبوو بدرێت بە ئاغای خاتەمیو شیاوی ئەوە. ئاخر ئەگەر هەڵە نەکەم هەر لە زەمانی ئاغای خاتەمی دایەکە تیرۆو کوشتنو ئێعدامو زیندانی کردنی مرۆڤە سیاسیو ئازادی خوازەکان پەرەی ستاندوە، هەر لە زەمانی ئەو ئاغایەدا بە دەیان کەس ئێعدامو چەندین ژن بەدەباران کراون، دەیان خوێندکاری زانکۆکان کوژراون یان بریندار کراونو سەدانیش ئێستاکەش لە بەندیخانەکانی ئێراندان. . . هتد، سەرکۆماری ئاوا لایەقی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلە نەك خانمی عیبادی (بە وتەی خۆی) .

هەر ئەو خاتەمیە کەلە کۆبوونەوەیەکی چەند ڕۆژی پێشوویدا لە ڕۆژی 10ی سەرماوەزدا لەگەڵ ئەندامانی هەیئەتەکانی چاوەدێری هەشتەمین دەورەی هەڵبژادنی مەجلیسی شورای ئیسلامی پێك هاتبوو دەڵێت"ڕەخنەگرتن لە قانونی ئەساسی مەسەلەیەك نیە، بەڵام ڕەخنەیەك کە ببێتەسەرەتایەك بۆ"نا" گوتن بە کۆماری ئیسلامی، خیانەتە" (ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتە ناوەندی ح. د. ك. ا، ژمارە 378، ل 1

جا ئاغای خاتەمی لێرەدا بە تەواوی وەدەر دەکەوێ بۆ هەموو کەس، واتە هەرکەس کوتی "نا" بۆکۆماری ئیسلامی خائینە، ئەگەر خەڵکیش وا بڵێن هەر خایینن. حیزبە کوردیەکانیش لەمێژە کە دەڵێن"نا" بۆ کۆماری ئیسلامی، هەر کورد بە گشتی لە مێژساڵە "نا" دەڵێت بۆکۆماری ئیسلامی؛بە هەڵبژاردنی ئاغای"توکلی" لە بەرامبەر ئاغای"ڕەفسەنجانی"دا کە بناغەیەکی بنەڕەتیو کەسایەتی ژمارە دووهەمیکۆماری ئیسلامیە، بە ڕاپەینەکانی خەڵکی شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سنە، سەردەشت. . . هتد لە کوردستاندا بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، بەشداری نەکردنێکی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکانی شوراکانی ئیسلامی شارو دێی ئەمساڵو. . . جا ئەگەر وابێ خەڵکی کوردستانبەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران خایینن، بۆیە پێم سەیر نیە کە خانمی عیبادیش وەدوای مافی گەلی کورد نەتەنیا نەکەوێت بەلکوو باسیشی لێنەکات!نەوەك تووشی دەردەسەری بێت!

زۆرم پێسەیرە کە خانمی عیبادی دەڵێت کە من سیاسی نیموکاری سیاسیش ناکەمو سیاسەتپیشەشنیم!!چۆن دەبێت باسی مافی مرۆڤ بکەیتوبڵێیی من کاری سیاسی ناکەم؟!مەگەر گرفتی هەرەسەرەکی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ئەم ڕژیمە جینایەتکارەدا سیاسی نیە؟!مەگەر کێشەی خەڵکی کوردوبەلووچو تورکمانوعەرەبوئازەریو. . لە ئێراندا لە پێش هەمووشتێکدا سیاسی نیە؟!ئایا سیاسەت پێوەندی ڕاستەوخۆی بە مافو دەستەلاتەوە نیە؟باشەمەگەر خانمی عیبادی نایهەوێت لە بەرامبەر دەزگا یان میکانیزمێك دا ڕاوەستێ کە بۆتە هۆی وەدیهاتنی ئەوهەموو زوولموزۆرو ستەمە؟مەگەر نایهەوێت بزانێت کە بۆچی مافی مرۆڤ لە بواری جۆربەجۆری سیاسی، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی، زمانی، ئابووری، تاکەکەسیو. . . هتد، پێشێل دەکرێت؟ (بە پێی ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانلە بیست ساڵی ڕابردودا)

دەی چۆن دەیهەوێ مافی مرۆڤ وەدی بێتو ئیجرا بکرێت بە بێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەرێوەبەری ئەم هەموو ستەمە؟!کە هیچ شکێك لەوەدا نیە کە تاقمێكپاوانخوازی

زاڵمی ئینسان کووژی، چەتەی سیاسیوئابووری بیستوپێنج ساڵە دەستیان بەسەر هەموو ژیانی ئەوخەڵکەو وڵاتی ئێراندا داگرتوە بوونەتە هۆی ئەم ڕۆژەڕەشیە.

ئایا بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئاوا کۆنەپەرەستو دژی مافی مرۆڤ نابێتە کاری سیاسی؟!شایەدیش کارێکی شانۆگەریوسینەمایی بێت. . . . من نازانم

نا خانمی عیبادی نا

ناتوانی کاری مافیمرۆڤ بە ئەنجام بگەیەنی بێ ئەوەی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی سیاسی ڕووبەڕوو نەبییەوە، لانیکەم لە ئێراندا کە هەمووشتێك لە دەست تاقمێك سیاسی ڕەشدایە، ناتوانی مافی ژنومنداڵ بە دەستبێنی بێئەوەی کە لەگەڵ چەند ئینسانی مەزهەبی توندی کۆنەپەرەست بەرەنگار نەبیەوە (واتە مەجبوور دەبی بە هۆی سیستەمی تایبەتی ئێران) . ناتوانی باسی یەکسانی سیاسی، جینسی، ڕەگەزی، زمانی، مەزهەبیونەتەوایەتی بکەی (بە پێی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ ماددەی دوو)

بێ ئەوەی بە ئازادیودێمۆكراسی باوەڕ نەهێنی (كە لە ئێراندا نیە) وخەباتی بۆ نەكەی، كە ئەوەش پێی دەڵێن خەباتی سیاسی[وادەڵێن خەتای من نیە]و. . . هتد.

ئەگەر وابێ ناتوانی باسی كێشەی كوردونەتەوەكانی دیكەی ئێرانیش بكەی چوونكە لە ئێراندا كاریوا بە قەولی كوردان "بڤەیە". ئەوجار

سەبارەت بە ڕەگەزپەرەستی فارسەكان لەئێراندا كە هەمیشە باسی مێژوو پاشاكانی خۆیان دەكەنو پێی دەنازن. هەر جەنابتان نا، تەنانەت ئاغای"عەبباس عەبدی"وهەموو هاورێیانی دەڵێم (ڕۆژنامەی "همشهری"ساڵی **1376-77**

ئەگەر ئێمە تەنانەت باسی خوێندن بەزمانی كوردیش دەكەین، ئێوە تاوانبارمان دەكەن بە جوودایی‌خوازو باسی تەجزیە (لێك هەڵوەشانەوە) ی ئێران دەهێننەگۆڕێو دەست دەكەن بە تەبلیغاتی خۆتان، هەر وەكوو خاتەمیش پێش هەڵبژاردنی بۆ دەورەی یەكەمی سەركۆماری، هاتە كوردستانوكوتی"هیچ كەس لە كوردەكان ئێرانی‌تر نینو كورد قەدیمیترین قەومی ئێرانە". كاتی وا هەمیشە كورد بە ئێرانی دەزانن، بەڵام كاتێك دێتە سەر قسەی خۆتاریف كردنو ناساندن، دەست دەكەن بە باسی مێژووی فارسو پاشاكانی فارسو مێژووی كوردو پاشاكانی كورد بە هی خۆتان نازانن، هەروەكی بۆ خۆتان لە وتارەكەتاندا فەرمووتان"من ئێرانیم، منداڵی كورشی مەزن، ئەو پاشایەی كە **2500**

ساڵ لەمەو بەر كوتی:ئەگەر خەڵك نەیهەوێت من بەسەریاندا حوكم ناكەم، كەسیش مەجبوور ناكەم دینومەزهەبی بگۆڕێت".

بەڵام بێخەبەرن كە ئەوخەڵاتەی بە جەنابتان‌درا سەرچاوەی مەبەستەكەی (ئاشی، ئازادی، دێمۆكراسیو بەقەراركردنی) كوردستانێكی كاول كراو بە دەست دەوڵەتانی فارسوتوركوعەرەبەوەیە. پێم وابێ ئەو خەڵاتە بە كەسانێك دەدرێت كە لە ڕێگای بەدیهاتنی مافی مرۆڤودێمۆكراسی‌دا خەبات دەكات، كە مافی مرۆڤیش بە بێ دێمۆكراسی بێمانایەودێمۆكراسیش هەروەتر (بروانەكوردستان كە چەند دەهەیە بۆ دێمۆكراسی لە ئێراندا خەبات دەكاتو قوربانی دەدات) . ئەوەش قسەی من نیە كە كوردستان سەرچاوەی دێمۆكراسی جیهانە•

ئەگەر وابێ دامەزرێنەری دێمۆكراسی لە دوونیادا "دیاكۆ"پاشای مادەكانە (ئێران زەوی) كە هاوڵاتی قەدیمیتری جەنابتانە، هەروەكی دونیاش تونی دێمۆكراسیە كە دێمۆكراسیش دارای مافی مرۆڤو ئازادیو ئاشتیە. پێم وا نیە كە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل تەنیا بۆ ئەوە بەجەنابتان درابێت كە هەوڵوتێكۆشانێكی زۆرو بۆئەستاندی مارەیی چەند ژنی بەستەزمانی هاوشاریتان وەرگرتبێت. هەرچەند لە وتارەكەتاندا باسی پلۆرالیزمی فەرهەنگی‌تان كرد بەڵام هیچ كات باسی نەتەوەفەرهەنگیە چەوساوەكانی نێو ئێرانت نەكردوەو خەباتیشت بۆ نەكردون. جا ئەگەر وابێ لەگەڵ ڕێزمدا من وەك كوردێكی چەوساوە دەتوانم بڵێم یان ئەم خەڵاتە زۆر ناچیزە یان بە ناهەق بە جەنابتان‌درا

10/12/2003

بێلژیك

•searching for democracy from MEDIA to AMERICAN، by dr. Stefan Mansfild and Douglas Layton، 1977، by servant Group International